**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە:٥٧٨٦ لە ٢٠٢٠/٣/٩**

پاڵپشت بە و دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و ئاماژە بە ماددەی (٥٦) لە یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو و مادەی(٧)لە یاسای سزاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ و مادده(٨٦)لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی٢٠١١ و ئاماژە بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ژمارە(١٠٨١٧)لە ٢٠١٩/١٢/٨ و کۆنووسی دووەمین کۆبوونەوەی لیژنەی پێداچوونەوە و پێشنیارکردنی یاسا و پەیڕەو ڕێنمایی و بەیانەکانی تایبەت بە کاری وەزارەتی ناوخۆ لەرێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٠ کە پێکهاتووە بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە(٦٧٧ لە ٢٠٢٠/١/١٢) و بەمەبەستی ڕێکخستنی کاتژمێرکانی کارکردنی ڕۆژانەی دەوامی فەرمانبەرو ئەفسەرو کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ سەر بە میلاکی وەزارەتی ناوخۆو کاتەکانی دواکەوتن و نەهاتنی بۆ سەر کاری فەرمی و لەبەر بەرژەوەندی گشتی ، بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە :

## ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٠

## ڕێنماییەکانی ڕێکخستنی دەوامی فەرمانبەری شارستانی و ئەفسەر و کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

**ماددەی(١): پێناسەکان**

مەبەست لەم زاراو دەستەواژانەی خوارەوە کەماناکانیان بەرامبەریان هاتووە بۆ مەبەستەکانی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییانە :

١- **هەرێم :** هەرێمی کوردستان – عێراق

٢- **وەزارەت :** وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان

٣-**وەزیر:** وەزیری ناوخۆی هەرێمی کوردستان

٤- **سەرۆکی فەرمانگە :** بریکاری وەزارەت و پارێزگارو سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان و خاوەن پلە تایبەتبەتەکان و بەڕێوەبەری گشتی و ئەوانەی لەو پلەیەدان و پێکهاتەیەکی دیاریکراو بەڕێوەدەبەن یان هەر فەرمانبەرو ئەفسەرێک کە وەزیر رایدەسپێرێت بۆ مەبەستەکانی ئەم ڕێنماییە.

٥- **فەرمانبەر :** فەرمانبەری شارستانی سەر بە میلاکی وەزارەتی ناوخۆ.

٦- **ئەفسەر :** ئەفسەری هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ سەر بە میلاکی وەزارەتی ناوخۆ.

٧- **کارمەند**: پۆلیس و ڕێپێدراوانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ سەر بە میلاکی وەزارەتی ناوخۆ.

٨- **نەهاتنە سەرکار :** نەهاتنی فەرمانبەرو ئەفسەرو کارمەند بۆ سەرکاری فەرمی ڕۆژانەی فەرمی لە فەرمانگەکەی.

٩- **دواکەوتن لەکار:** درەنگ هاتن و زوو چوونەوەی فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەند لە کاتژمێرە بڕیاردراوەکانی ڕۆژانی کارکردنی لە دەوامی فەرمی لە فەرمانگەکەی.

١٠- **مۆڵەتی فەرمی:** گشت جۆرە مۆڵەتەکانی (بەمووچە، بێ مووچە، نەخۆشی، خوێندن، شاندکردن، عمرە، هاوسەرگیری، بەخێوکەر و دایکایەتی) کە بەفەرمی وەردەگیرێن بەپێی یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

**ماددەی(٢): دەبێت فەرمانبەرو ئەفسەرو کارمەند پابەند بێت بە:**

١- ئامادەبوون لە شوێنی کار و فەرمانگەکەی و چوونەوەی بەپێی کاتژمێرەکانی کارکردن کە لە ماددەی سێیەمی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە.

٢- بەجێنەهێشتنی فەرمانگەکەی لەکاتی دەوامی فەرمی بەپێی کاتژمێرەکانی کارکردن کە لە ماددەی سێیەمی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە تەنیا بە وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی نەبێت.

**ماددەی(٣): کاتژمێرەکانی کارکردنی ڕۆژانەی دەوامی فەرمی**

١- کاتژمێرەکانی کارکردنی هەفتانەی فەرمانبەر بریتییە لە (٣٤) کاتژمێر بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- دەوامی فەرمی ڕۆژانە لە کاتژمێر (٠٠ : ٨)ی بەیانی دەستپێدەکات بۆ گشت ڕۆژانی هەفتە جگە لە شەممەو هەینی.

ب- دەوامی فەرمی ڕۆژانە لە کاتژمێر (٠٠ : ٣)ی دوای نیوەڕو لە ڕۆژانی (یەکشەممە، دووشەممە، سێشەممە، چوارشەممە، پێنج شەممە) و لە کاتژمێر (٠٠ : ٢)ی پاش نیوەڕۆ لە ڕۆژی پێنجشەممە کۆتایی دێت.

ت- ماوەی چاوپۆشیکردن (سماح) بۆ هاتنە سەرکار و دەستبەردان لەکاری فەرمانبەرو ئەفسەرو کارمەند تەنیا (١٥) خولەک دەبێت لەدوای ئەم کاتە کاتەکانی دواکەوتن و زوو چوونەوە ئەژماردەکرێت بەشێوەی نابێت دوای (١٥: ٨ بەیانی)و پێش (٤٥ : ٢ و ٤٥: ١) بۆ ڕۆژانی پێنجشەممە) بێت.

٢- لەکاتی کەمکردنەوەی کاتژمێرەکانی دەوامی فەرمی بڕگە١ی سەرەوە لە مانگی ڕەمەزان یان بەهەر هۆکارێکی دیکە ئەوا کار بە فەرمانی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران بۆ ئەم مەبەستە کە لەوکات دەردەچێت.

٣- بۆ وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگە هەیە بە دیاریکردنی کاتەکانی دوای دەوامی فەرمیی بۆ ئەو فەرمانگانەی پێویستیان بە مناوبە هەیە وەکو فەرمانگەکانی (پۆلیسی پاسەوانی، پاسەپۆرت و کارتی نیشتیمانی و نشینگە، پۆلیسی فریاکەوتن و ئێشگری و بەرگری شارستانی و ئەو فەرمانگانەی کە پێویست بە مناوبەو دەوامیئۆیواران دەکات) بەمەرجێک هەفتانە لە (٣٤) کاتژمێر کەمتر نەبێت لە هەفتەیەکدا بەپێی مادده ٥٦ی یاسای ڕاژەی شارستانی ژمارە ٢٤ی ساڵی ١٩٦٠ هەموار کراوو و مادەی ٨٦ لە یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە ١٨ی ساڵی ٢٠١١.

**ماددەی(٤): نەهاتن (غیاب) و دواکەوتن (تأخر) و زوو چوونەوە لە کارەکەی**

١- هەر فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەندێک پابەند نەبێت بەکاتژمێرەکانی هاتن و چوون بۆ سەرکار کە لە بڕگە١ی ماددەی سێیەمی ئەم ڕێنماییەدا هاتووە ئەوا بارتەقای کاتژمێرە دواکەوتوو و زوو چوونەوەکان بۆی دەکرێت بە مۆڵەتی بێ مووچە بەشێوەی کۆکراوەی (٧) کاتژمێر بە ڕۆژێک بەپێی یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکان و لەکاتی دووبارەبوونەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە ( ٨) کاتژمێری کۆکراوە لە مانگێکدا ئەوا بەپێی یاساو ڕێنماییەکان ڕەفتاری لەگەڵدا دەکرێت.

٢- لەحاڵەتی نەهاتنی فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەند بەدرێژایی ڕۆژی دەوامی فەرمی بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی لە وەزیر یان سەرۆکی فەرمانگە و ئەوا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت بەپێی یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (١٤)ی ساڵی ١٩٩١ هەموار کراو (دەربارەی فەرمانبەرانی شارستانی) و یاسای سزاکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٠٨ (دەربارەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ) و گشت یاساو ڕێنماییە کارپێکراوەکان.

٣- بڕگە (٢)ی سەرەوە ئەو فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەندانە ناگرێتەوە کە بەکاری فەرمی فەرمانگەکانیان و ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی فەرمی و شاندکردن بەمەرجێک بە نووسراوی فەرمی بێت و جۆر و سروشتی کارەکەی لە نووسراوەکە دیاریکرا بێت.

**ماددەی(٥): مۆڵەتە فەرمییەکان**

وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی وئاسایی بۆ ماوەی ڕۆژێک یان زیاتر دەدرێت بە فەرمانبەر و ئەفسەر و کارمەند بۆ کاری تایبەتی خۆی بەپێی یاسای خزمەت و خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ و یاسای خزمەتی شارشتانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ی هەموارکراو و ڕێنماییە کارپێکراوەکان بەشێوەی نووسراو و لەسەرداواکاری خودی خۆی بەپێی **(فۆڕمی مۆڵەتی ئاسایی هاوپێچ)** بەمەرجێک فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەندێکی دیکە کارەکانی لەماوەی مۆلەتەکەی ڕاپەڕێنێت.

**ماددەی(٦): مۆڵەتی کاتی تایبەت و فەرمی**

**یەکەم:** مۆڵەتی کاتی تایبەت بۆ کاری تایبەتی خودی فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەند:

١- ئەم مۆڵەتە دەدرێتە فەرمانبەر لەسەر داواکاری خودی فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەند بۆ ماوەی (٢) جار لە هەفتەیەکدا و لە (٣) کاتژمێر تێپەڕنەکات بەمەرجێک فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەندێکی دیکە کارەکانی لەماوەی مۆلەتەکەی ڕاپەڕێنێت بەپێی **(فۆڕمی مۆڵەتی کاتی هاوپێچ)** کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٢- ئەگەر مۆڵەتی بڕگە (١ لە ٣)کاتژمێر تێپەڕبکات بۆ یەک مۆڵەتی کاتی ئەوا بەڕۆژێک ئەژمار دەکرێت.

٣- کۆکراوەی ئەم مۆڵەتانەی بڕگەکانی(١ و ٢)ی سەرەوە لەمانگێکدا بۆ هەر (٧) کاتژمێر یەک ڕۆژ لە مۆڵەتی کەڵەکەبووی دادەبەزێندرێت.

٤- دەبێت مۆڵەتەکە لە هەمان ڕۆژی پێشکەشکردنی دەربچێت.

٥- مۆڵەتی کاتی بۆ دەسپێکی کاتی دەستپێکردنی دەوامی فەرمی دەبێت لە ڕۆژی پێشتر پێشکەش بکرێت و ڕەزامەندی بدرێت لەلایەن سەرۆکای فەرمانگەکەی تەنیا ئەگەر هۆکارێکی بەدەر لە دەسەڵاتی فەرمانبەرو ئەفسەرو کارمەند بێت.

٦- ئەم مۆڵەتە کۆنترۆڵ دەکرێت بە هۆی ئامێری ئەلیکترۆنی بۆ هاتن و چوونی فەرمانبەرو ئەفسەرو کارمەند.

**دووەم:** مۆڵەتی کاتی فەرمی بۆ کاری تایبەتی فەرمانگە:

١- ئەم مۆڵەتە تەنیا بۆ ڕاپەڕاندنی کاری فەرمی فەرمانگەکەی دەبێت و لە **فۆڕمی مۆڵەتی کاتی هاوپێچ** جۆرو سروشتی کارە فەرمییەکە دیاری بکرێت.

٢- ئەم مۆڵەتە ئەژمار ناکرێت و لە مۆڵەتی کۆکراوەی کەم ناکرێتەوە.

**ماددەی(٧):**

دەبێت گشت فەرمانگەکان تۆماری هاتن و چوونی ئەلیکترۆنی لە پرسگەی فەرمانگەکانیان دابنێن بۆ ماوەی کاتژمێرەکانی کە لە ماددەی سێیەمی ئەم ڕێنماییە بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە.

**١-** دەبێت مانگانە ئاماری هاتن و نەهاتن و دەرچوونی فەرمانبەر و ئەفسەرو کارمەند لەلایەن پرسگەوە پێشکەش بە سەرووی خۆی بکرێت.

**ماددەی(٨):**

لەسەر سەرۆکی فەرمانگەکانە ئەم ڕێنماییە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی(٩):**

ئەم ڕێنماییـــانە جیبەجـــێ دەکرێـــت لە ڕێکەوتـــی دەرچـــوونییەوەو بڵاوبـــوونەوەی لە ڕۆژنـــامەی (وەقایعی کوردستان) .

**ڕێبەر أحمد**
**وەزیری ناوخۆ**

**فۆرمی مۆڵەتی ئاسایی**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ناوی فەرمانبەر | | بەڕێوەبەرایەتی | |
| ناونیشانی فەرمانبەریەتی | | بەش / هۆبە | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ماوەی مۆڵەتی داواکراو | (  ) ڕۆژ | ئەوەی بەکارەکە هەڵدەستێ | |
| بەرواری مۆڵەتی داواکراو | (  ) | | |
| پشتیوانی کەڵەکەبوو | (  ) ڕۆژ | واژووی فەرمانبەر | |
| هۆکاری مۆڵەت وەرگرتن | | | |

پشتگیری لێپرسراوی بەش:- بەروار:-

پشتگیری بەڕێوەبەری بەڕێوەبەراتی بەروار:-

پەسندی بەڕێوەبەری گشتی دیوان:- بەروار:-

---

**فۆرمی مۆڵەتی کاتی**

ناوسیانی:-.........................................

ناونیشان:-.........................................

شوێنی کارکردن:-...................................

ژمارەی مۆڵەتی لەم هەفتەیەدا:-.....................

ماوەی مۆڵەت:- لە کاتژمێر........... تاکو کاتژمێر..............

ڕێکەوتی دوایین مۆڵەت:-......................................

بۆکاری: تایبەت (خودی خۆی) فەرمی

جۆری کارە فەرمیەکەی:-...................................... ڕێکەوتی مۆڵەت :-.....................................

**فەرمانبەر بەرپرسی ڕاستەوخۆی فەرمانبەر بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی بەڕێوەبەری گشتی دیوان**

**تێبینی:-**

١- لەکاتی مۆڵەت دانی کاتی (کاری خۆی) دەبێت لە تۆماری پەنجەمۆر، کاتی دەرچوون و هاتنەژوورەوەی تۆماربکرێت بە پێچەوانە و بە ئامادە نەبوو ئەژمار دەکرێت.

٢- ئەم مۆڵەتدانە بە فەرمانبەر دەدرێت بۆ کاری تایبەتی خۆی و کاری فەرمی وەزارەت.

٣- فەرمانبەر و ئەفسەر و کارمەندان لە هەفتەیەک دووجار مافی مۆڵەتی کاتی هەیە ئەگەر بۆ کاری تایبەتی خۆی بێت و نابێت زیاتر بکات و بەڵام بۆ کاری وەزارەت بەپێی سروشتی کاری وەزارەت.